# خزمەتەکانی مۆبایلی ئاسیا و کۆرەك

**هێژا محمد**

پێش زیاتر لە ساڵێگ لە هە ولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ، خۆشحاڵ بووم ، من و جەماوەرێکی زۆری ئەو شارە بە تەحەمولە ، کە مۆبایلی ئاسیا پێشتر تەنها لە دەڤەری ئەولا ، خەڵکی کەڵکیان لە خزمەتەکانی وەردەگرت ، وا ئەم لایش دڵخۆش بوون بە کەڵك وەرگرتن لەو خزمەتەی کە ئەو کاتە بە ئاسانی بۆمان ئەکرا تەلەفۆن بۆ خزمان بکەین لە دەڤەری ئەولا ، منیش بە عەجەلە ، سەفەرێکی شاری سلێمانیم کردو سیم کارتێکی مۆبایلی ئاسیام کڕی ، چونکە کۆرەك دەرد و داخی زۆری کردبوو بە دڵم دا ، وە دڵخۆشکەرییەکی تریش بوو بۆ هەموو لایەك کە ئەوە سەرەتایەکە بۆ یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەی هەردوو لای هەرێم ، کە دیارە ئەبێت لەو مەسەلانەوە بۆی بچیت کە کەی ئەم دوو حکومەتە یەك دەگرنەوە..

مانەوەم لە شاری سلێمانی ئەوەندەی نەبرد و گەرامەوە و کە گەیشتمەوە سنوری پایتەخت بینیم وا مۆبایلەکەم شەبەکەی تیا نەما ، تۆ بڵێی ، خەتای مۆبایلەکەی من بێت ؟! سیم کارتەکەم سوتا بێت ؟! بەلاَم نەخێر .. بە خێرایی هەواڵێکی ناخۆشیان دا بە گوێمان ، شۆفێری تەکسیەکەی کە پێی ئەگەراینەوە وتی برا خۆت عەزێت مەدە ، حکومەتی هەولێر مەنعی کردووە بۆچی ؟! لەبەر ئەوەی دیار و ئاشکرا نیە بۆچی ؟! خەڵکی بە کەیفی خۆی شیکردنەوە بۆ ئەم روداوە سەیرە ئەکات .. هەندێك ئەیان وت : کۆرەك بەشێکی زۆری هی سەرۆکی حکومەتی ئەم لایە و سەرۆك وتویەتی تا مایەکەی دەر نەهێنینەوە نایەڵین ئاسیا بکرێتەوە ، هەندێکی تر ئەیانوت نەخێر ، ئەگەر ئاسیا بکرێتەوە کۆرەك فەشەل ئەهێنێت ،و چەندەها قسە و باسی تر

گرنگ ئەوەیەداخرا و زەرەرێکیش لە من و ئەو خەڵکەی تریش درا کە بە پەلە تینوی کرینی مۆبایلی ئاسیا بوون .. بەلاَم سەیرم لە شتێکی تر دێت ، خاوەنانی کۆمپانیای مۆبایلی کۆرەك بۆ کارێکی وا ناکەن کە خزمەتگوزایەکانی مۆبایلەکەیان زیاتر بکەن ، هەروەها لەوە سەیرتریش خەڵکی ئەو شارە بۆ نایەنە جواب لەسەر ئەو بێخزمەتیانەی کە ئەو کۆمپانیایە هەیەتی ، کە بە کەیفی خۆی نرخی زیاد ئەکات وەیاخود لە بازاری رەش سیم کارت ئەفرۆشرێت و ئەو کەسەی بیەوێ لە رێی کۆمپانیاوە سیم کارت وەربگرێت ئەبێ چوار پێنج مانگ خەوی پێوە ببینێت ، ئەمە جگە لەوەی کە تا تلفۆنێك وەر ئەگریت ڤیر ئەڵێ جق ..

هاورێیەکم وتی کوڕەك نرخی قسەکردن زیاد ئەکات بۆ ٩ سەنت ، منیش وتم جا بیکات بە ١٥ یش یان زیاترلەوەیش خۆ کەس لێپێچانەوەی لێناکات ، وە خەڵکیش لەو دەڤەرە هیچ ناڵێت ئەویش لەسەر ئەم قسەیەم نمونەیەکی بۆ باس کردم و وتی : لە لادێیەکدا ئاغایەك هەبووە ، سەیر ئەکات هەموو بەیانیەك پاش خۆر هەلاتن هەموو پیاوانی لادێ ئەچن بۆ ئیش ، ئەویش فکری کردەوە کە ئەگەر دوژمن هێرشیان بۆ بێنن کەس نیە لە لادێکا کە بەرەنگاری دوژمن بێتەوە بەرۆژدا ، بۆیە فەرمانی دەرکرد کە ئەوەی بچێتە دەرەوەی لادێ ١٠ عانەی لێ وەرگرن ، دوای چەند رۆژێك پرسی حاڵ چیە ؟! بەردەستەکانی ئاغا وتیان خەڵکی هەموو وەکو جاران دێن پارەی خۆیان دا ئەنێن و ئەچن بۆ سەر ئیش !!! فەرمانی دەرکرد کە لە گەرانەوەیشدا ١٠ عانەیان لێوەربگرن بەڵکو خەڵك کەمتر بروات ، پاش چەند رۆژێکی تر خەڵکی لە هاتن و چون پارەی خۆیان دا ئەنا بەبێ گرفت .. ئاغا وتی دیارە پارە گرنگ نیە لای ئەوان ، وتی هەرکەس بچێتە دەرەوەی لادێ یەك شەقیان تێ هەڵدەن ، پاش چەند رۆژێکی تر سەیر ئەکات هەر وەك خۆیەتی ، خەڵکی دێن شەقی خۆیان ئەخۆن و پارەی خۆیان دا ئەنێن و ئەچنە دەرەوە لە لادێ ، ئەغا وتی خەڵکەکەم بۆ کۆبکەنەوە ، هەموو خەڵکی لادێیان بۆ کۆکردەوە و وتیان هەی خەڵکینە ، ئاغا بۆیە کۆیکردونەتەوە کە ئەو کەسەی گلەییەکی هەیە راستەو خۆ بە ئاغای بڵێ ئاغا ماوەیەکی زۆر چاوەرێ بوو کەس هیچی نەوت ، پرسیاری کرد خەڵکینە کێ گلییەکی هەیە ، پارە لێوەرگرتنێك ؟!؟! شەقێك ؟!؟! بەیانیانێك ؟!؟! چونە دەرەوە لەلادێ؟!؟! کەس قسەی نەکرد ، تەماشای کرد لە ناو خەڵکەکەدا نەفەرێك زۆر بە قورسی دەستی بەرز کردەوە ، وتی دیارە ئەمە خێری تیایە وا قسە ئەکات ، وتی فەرموو : کابرا وتی ئاغا گیان من یەك داواکاریم هەیە کە هی هەموو خەڵکەکەیە و بەناوی ئەوانەیشەوە قسە ئەکەم ، ئەویش ئەوەیە : ژمارەی ئەو نەفەرانەی داتان ناون بۆ شەق هەڵدان لە بەیانیاندا کەمە و زۆریان پێئەچێت تا هەمووومان تەواو ئەکەن ، داوات لێئەکەین نەفەرەکان زیاد بکەیت ، بۆ ئەوەی زوتر لێببنەوە ..